**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٣

## ١٩٩٢ ـ بەرگی سێیەم

چاپی یەکەم ١٩٩٧

# پێڕست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٤) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٢٣ ـــــــ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٥) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٢٨ ـــــــ ل٥٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٦) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/٢٩ ـــــــ ل١٠٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٧) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٠/٣ ـــــــ ل١٣٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٨) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٠/٤ ـــــــ ل١٧١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٩) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٠/٦ ـــــــ ل٢٠٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٠) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٠/٧ ـــــــ ل٢٣٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤١) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٠/١٧ ـــــــ ل٢٧١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٢) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٠/١٨ ـــــــ ل٢٩٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٣) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١٠/٣١ ـــــــ ل٣٣٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٤) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/١ ـــــــ ل٣٦٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٥) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٢ ـــــــ ل٣٧٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٦) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٣ ـــــــ ل٤١٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٧) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٤ ـــــــ ل٤٥٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٨) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١١/٩ ـــــــ ل٤٩١

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەز دەکەم هەروەک درێژەپێدان بۆ قسەکانی بەڕێز د. فوئاد ئەوە بڵێم کە دوێنێ لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی تەنفیزی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا باسێکی زۆر کرا لە بارەی هاتنی هێزەکانی تورکیا بۆ ناو خاکی کوردستانی عێراق و، کۆمەڵێک بڕیار وەرگیرا یەکێک لەوانە ئەوە بوو کە برووسکەیەکی بەپەلە بدرێت بە سەرۆک وەزیرانی تورکیا کە دەست بەجێ ئەو هێزە بکێشێتەوە بۆ دواوەو، پاشان بڕیار درا کە وەفدێک بچێت بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و، هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە پەیوەندییان هەیە بەو مەسەلەوە بۆ ئەوەی هەوڵ بدرێ هەرچی زووترە ئەو هێزە بچێتەوە ناو تورکیا، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وا دیارە ئەو پێشنیارەی ئێمەش کە پەرلەمان یاداشتێک بنێرێ بۆ ئەم مەسەلەیە هەر بەهەمان شێوەیە.

دوێنێ خاڵی یەکەم یئەو یاسایەمان باس کردو، هەندێک ئەندامان تێبینییان هەبوو، ئێستاش ئەوانەی کە داوای قسەیان کردبوو لە خاڵی یەکەمدا با بفەرموون.

**بەڕێز عومەر سەید عەلی حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشەکی ئەبوایە لە دەزگاکانی راگەیاندنی کوردستان داوا لەو خەڵکانە بکرێ کە ئەو تەقەمەنیانەی لایانە بەزووترین کات بیدەنە وەزارەتی ناوخۆ، یان وەزارەتی پێشمەرگایەتی و، پێشنیار دەکەم کە ئێستا بڕیارێک دەربچێت بۆ ئەم مەبەستە، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان پێشنیاری بەڕێز عومەرم هەیە، بەڵام پێشنیار دەکەم ئەو بانگەوازە ماوەیەکی تێدابێ، بکرێ بە بڕگەیەک لەم بڕیارەدا، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من تێبینیم لەسەر بڕگەکە ئەوەیە تەئییدی کاک ئازاد میران لەو بابەتە مەبەستی تێدا بوو، چونکە مەبەست زەحمەتە لەلایەنی یاسایی دەستکاری بکرێ، ئەمە لایەنێک، لایەنی دووەم، سزاکەی زۆر کەمە، چونکە تەقەمەنی مەترسیەکی زۆری هەیە، لە بەر ئەوە داوا دەکەم دەقەکە بەم شێوە بێت (یعاقب بالاشغال الشاقة المؤبده کل من قام بصنع مفرقعات او کان حائزا لها دون تخویل رسمي).

بەڕێز فرنسۆ توما هەریری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

مادەکە دەڵێ (لا يزيد عن ١٥ سنة)، پێشنیار دەکەم (حەدی ئەدنی) دیاری بکرێ، سوپاس.

بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕێز ئازاد دەڵێ (بهدف التخريب) زیادەیە، ئێمەش لیژنەی یاسایی دوای تەماشاکردنی ناونیشانەکەی بە زیادەی دەبینین، سوپاس.

بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لە یاسای سزادان مادە(٣٤٤) زیادەترین ماوە بۆ بەندکردن دانراوە کە (٧ساڵ) زیاتر نەبێ. ئێمە لێرە لەو یاسای خۆمان کردوومانە بە (لاتزيد ١٥ سنة)، ئێمە ماوەمان داوەتە دادگا هەتا ١٥ساڵ حوکم بۆ ئەو کەسەی کە تەقەمەنی هەیە، یاسای عێراقی جیاوازی کردووە لە نێوان ئەو کەسەی کە هەیەتی ئەو کەسەی کە بەکاری دهێنێ و، دەڵێ: (لاتزيد على ٧ سنوات)، بەڵام بۆ بەکارهێنانی (سجن مؤيد)ی داناوە، سوپاس.

بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕێز عومەر سەید عەلی دەڵێ خەڵک ئاگادار بکرێتەوە. ئەمە ڕاستە، چونکە خەڵک زۆر شتی لایە بێ ئەوەی ئاگادار بێ، چونکە لەبارێکی یاساییدا نازێ، ئەوە کاری ئەنجومەنی وەزیرانە، با پێشنیاری پرۆژەی یاسایەک بکەن بۆ ئەم مەبەستە. کاکەڕەش دەڵێ دەقی (اشغال شاقەی مؤبدە) باش بوو، ئەگەر بیکەنە (اشغال شاقە مؤبدە) مانای وایە ئێمە حوکمەکەمان توندتر نەکردووە، وەکو ئەو مادەی ئێستا کاک شێروان خوێندیەوە کە لەویش حوکمی مؤبدە خۆی ئەشغال شاقەی لەگەڵە، سوپاس.

بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:

پرسیارێک لە لیژنەی یاساوە دەڵێ ئایا ئەمە ناتوانرێ بکرێت بە مادەیەک لەم یاسایەدا؟ پاشان خەڵکەکە ئەو تەقەمەنییانەی کە هەیانە بیدەنە دەستەوە.

بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەناو یاسادا نانووسرێ دەزگاکانی ڕاگەیاندن یاساکە بڵاوبکەنەوە تەنیا دەڵێین: (ينفذ اعتباراً من تاريخ نشرهِ في الجريدة الرسمية)، سوپاس.

بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لێرە ماوە هەیەو، دەتوانین بڕگەیەک زیاد بکەین بڵێین (ينفذ هذا القانون بعد مرور مدة شهر،

أو شهرين، أو ستة اشهر، أو سنة من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية) واتا ماوەکە دیاری دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ ئێمە دەتوانین ماوەی جێبەجێ کردنی یاساکە دیاری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەتوانێ سوود لەم مادەیە وەربگرێ کە دانراوە بۆ جێبەجێ کردنەکە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی یاسا بۆ برگەی یەکەم داوای (أشغال شاقە مؤبدە)ی کردووە، بەلام بۆ دەستدانە بەکارهێنان (شروع)، یان بەکارهێنانی بە کردەوە ئەوە لە برگە (٢)دا پێشنیاری (إعدام) کردن کراوە. ئێمەش تا ئێستا گفتوگۆمان تەنها لەسەر برگە (١) کردووە، سوپاس.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕای من ئەم بڕیارانەی کە ئێمە دەیدەین لە پەرلەماندا، جێبەجێ کردنی لە ناو ولاتەکەماندا پێویستی بە زۆر بیرکردنەوە هەیە ئێستا خۆمان دەزانین کۆمەڵێ حزبی تر هەنە، جگە لە حزبەکانی کە ئەندامن لە پەرلەمان و حکومەت، ئەو حزبانە تا ئێستا دەسەلاتیان لەلایەن حکومەتەوە دیاری نەکراوە، بەکەیفی خۆیان چەک وتەقەمەنی و، هەموو شتێک لە ئێرانەوە دێننە کوردستان و، بلاوی دەکەنەوە.

پرسیار دەکەم: ئایا ئێمە چۆن دەتوانین کۆنترۆڵی ئەم بارە بکەین؟، سوپاس.

**بەڕێز بەختیار حەیدەر عوسمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە من پێشکەشم کرد دەربارەی دانانی مادەیەک بۆ ماوەدان بەو خەلکە تاوەکو تەقەمەنییەکانیان بدەنەدەست بەڕای من زۆر پێویستەو، پەیوەندیی بە ڕاگەیاندنەوە نییە، بەلام پێشنیارەکەی من جیاوازی هەیە لەگەڵ پێشنیاری بەڕێز حازم، لەبەر ئەوەی ئەو دوو مادەی تیادایە: یەک (حیازەی متفجرات)، ئەوەی تریان (أستعمال متفجرات)، ئەگەر جێبەجێ کردنەکەی دوا بخەین تا ماوەیەک زەرەر دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوللا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە ئەوەی کردوومانە هەموارکردنی مادە (٣٤٤ـ ٣٤٥) لە یاسای سزادانی ژمارە

(١١٢)سالی ١٩٦٩، یانی ئەو (قانونە تنفیذە)، ئێستا ئەگەر بڵێین و، نەڵێین هەر (نافذە)، ئێمە لە جیاتی ئەوەی یاساکە هەموار بکەین سزاکەمان توند کردووە، چونکە ئێمە دەسەلاتی ئەوەمان هەیە، بەلام هەڵوەشاندنەوەی یاساکە لە دەسەلاتماندا نییە. لە راستیدا ئێستا توندکردنی یاساکە تەنیا بە مادەی (٣٤٤) لە (٧) ساڵ کردوومانە بە (١٥) ساڵ، بەنسبەت مادەی (٣٤٥) لە (سجنی مؤبدو مؤقت) کردوومانە بە (أعدام)، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن حەمید رەحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من ئەو یاسایانەی کە دەری دەکەین لە پەرلەمان حەقە حورمەتی بدەینێ، لەو رۆژەوە یاسا دەردەکەین هیچمان جێبەجێ نەکردووەو، ئێمە رێزی یاساو بڕیارەکانی پەرلەمان ناگرین ،کۆمەڵێ حزب چوون (٢٢) هەزار چەکیان هێناوە بۆ ناو کوردستان، ئەو قانونانەی کە لێرە دەرچەدەچێ دەبێ جێبەجی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم کە (١٥) رۆژ تا مانگێک دابنرێت، بۆ ئەوەی بڕیارەکە جێبەجێ بکرێ، چونکە زۆر خەڵک هەنە تەقەمەنیان لەلایە بەکاری دێنن بۆ ماسی گرتن یان شاخەکانی پێ دەتەقێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم چارەی مام ناوەندیمان هەیە لە برگە(٢)دا دەڵێ (ینفذ هذا القانون من تأریخ نشرة في الجریدة الرسمیة) بەلای منەوە چی تێدا نییە ئەگەر بڵێین(ینفذ هذا القانون بعد مرور ١٥ یوما من تأریخ نشره في الجریدة الرسمیة) یانی بلاو دەکرێتەوەو، رادەگەیەنرێ تەنیا (١٥) رۆژی پێ دەچێ، هەر ئەوەندەی بۆ زیاد دەکەین ئەگەر دەزانن ماوەکە کەمە زیاتری دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تێبینیم لەسەر بابەتی حزبە سیاسییەکان ئەوەی کاک شەوکەت باسی کرد هەیە. وابزانم پەرلەمان جێگەی دەرکردنی بڕیاری یاسایی و سیاسییە، بەلام بۆ پەیوەندیی حزبی لەگەڵیاندا جێگەی ئێرە نییەرێکی بخەین.

پێشنیارەکەی بەڕێز حازم باشە، بەلام بەرای من هەمیشە یاسا لە سەرەتادا بۆ کار دادەنرێ، بۆ جێبەجێ کردنی یاساکەش پاشان لە ئەنجوومەنی وەزیران دەپرسرێ ئایا دەتوانێ یاساکە وەکو ئیجرائێکی ئیداری جێبەجێ بکات، یان بەیانێک دەربکا لە کرۆکی یاساکەدا بڵێ (١٥) رۆژ، یان مانگێک ئەوەی تەقەمەنی هەیە بیداتەوە دەست حکومەت، سوپاس.

**بەڕێز حازم مەحمود ئەحمەد یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت ئەندامە یاساناسەكان بابەتەكە زۆر روون و،ئاشكرایە لە هەموو یاسایەك و، لە هەموو شوێنێكدا ماوەی جێبەجێ كردنی یاسا دیاری دەكرێ لەناو یاساكە، ئەوە بەكەیفی موشەریعە، موشەریع دەڵێ لە فلان كات ئەو یاسایە جێبەجێ دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

پرسیارێك هەیە لێرەدا كە دەڵێت لە پاش (١٥) رۆژ یان مانگێك، برگەی(١) دەگرێتەوە یان برگە(٢)؟ ئەگەر هاتوو لە ماوەی ئەم (١٥)رۆژەدا ئەوان بەكاریان هێناو، خەڵكیان پێ كوشت ئەوە (مفعول) نییە كە ئیعدام بكرێ؟.

**بەڕێز حازم مەحمود ئەحمەد یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە گوتمان یاساكە هەمووی دەگرێتەوە مادەكە دەڵێ: (ینفذ هذا القانون بعد مرور ١٥یوما) لەماوەی ئەو (١٥) رۆژەدا ئێمە ناتوانین یاساكە بسەپێنین تەنیا پاش تێپەڕبوونی (١٥)رۆژەكە ئێمە ئەتوانین خەڵك بدەین بە بەدادگا، بەڵام ئەوەی تێدا تۆمار نەكراوە، وا دیارە خەڵك نازانێ ئەم یاسایە هەیە:(یعاقب بأشغال شاقة مؤبدة كل من أستعمل مادة تخریب) لێرە ئێمە یاساكەمان هەیە، بەڵام تەنیا دەبێ ئەم (١٥) رۆژە ماوە بدەین و،لەو ماوەیەدا نابێ ئێمە ئەو یاسایە جێبەجێ بكەین. لێرەدا دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران زەمینە خۆش بكا بۆ جێبەجێ كردنی یاساكە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن:**

رایەك هەیە لەلایەن سەرۆكایەتییەوە كە برگە (٢)ی ئەو مادەیەی تەنیا بۆ هەڵگرتنی دابنرێت نەك بەكارهێنانی بۆ كاری تیرۆر، تاكو ئەو كەسە ماوەیەكی هەبێ بتوانێ بیداتەوە دەست.

**بەڕێز حەسەن عەبدولكەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بێگومان دانانی سزا لە یاسادا بۆ ئەوە نییە تۆڵە لە خەڵك بكاتەوە، بەڵكو بۆ گەڕاندنەوەی خەڵكە لە كاری خراپە، ئێمە لێرەدا پێشنیار دەكەین برگە (٣) بۆ ئەو مادەیە زیاد بكرێ بەو شێوەیە (بعد مرور ١٥ یوما)، بۆ ئەوەی ئەو كەسەی تەقەمەمەنی لا هەیە ئەویش بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسز تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەكەم یاساكە وەكو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران بكەین بەیانێك دەربكا تیادا داوا لە خەڵكەكە بكات لە ماوەی (١٥) رۆژدا هەرچی تەقەمەنی لا هەیە بیداتەوە دەست، بەڵام لە یاساكەدا نەنووسرێ دوای (١٥) رۆژ جێبەجێ دەكرێ، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاگرتنی جێبەجێکردنەکە دەبێ بە یاسا بێت، لە بەر ئەوە ئەگەر نەنووسرێ پێویستە یاساکە جێبەجێ بکرێ.

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایە کە برگە (٣) زیاد بکرێ کە بەم شێوەیە: (ینفذ هذا القانون بعد مرور ١٥يوما من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية) تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسند کرا برگە (٣) زیاد بکرێ.

برگە (١) پاش گفتوگۆ کردنی کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟..دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بەتێکڕایی دەنگ پەسند کرا. ئیستا دێینە سەر برگە (٤) کەس تێبینی هەیە لەسەری؟.

**بەڕێز ئەحمەد ئەبوبکر حەسەن بامەرنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دژی وشەی ئیعدام نیم، بەڵام ئەو وشەیە لەناو یاساکەدا بێت چەندەها ڕێکخراوی مرۆڤایەتی هەیە لە دەرەوە بە تایبەتی لە ئەوروپا ئەوان دژی ئیعدامن و، من حەز دەکەم بپرسم لە ئەندامە یاساییەکان ئایا سیغەیەکی تر هەیە بدۆزنەوە کە ئیعدام بگرێتەوە ناوی ئیعدامی تێدا نەبێت؟، سوپاس.

**بەڕێز پەریخان مەحمود عەبدولقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دژ بەو وشەیەم(الاعدام) ئێمە خۆمان لە بارێکی نائاسایی داین و، ئێمە دووبارە مرۆڤ دروست دەکەینەوە، ئەو مرۆڤە ماندووە کۆمەڵێکی بارودۆخی ناخۆش هەیە لە ژیانیدا، پاشان بۆچی تەنیا ڕێگە چارەمان ئیعدام، یان (مؤبد) بێت؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەویاسایە بۆ مرۆڤی زامدار دانەندراوە.

**بەڕێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی ئێمە زیاتر بتوانین بڕیارەکە بەتەواوی جێبەجێ بکەین لە ناو وڵاتەکەماندا، من پێشنیار دەکەم خاڵێک دەسنیشان بکرێ بۆ ئەوەی ئەو تەقەمەنی و شتانەی کە لەدەرەوەی بارەگای حزبەکاندا هەیە ئەبێ لای هیچ ئەندامێکیان نەبێ، چونکە بۆ سبەینێ یەکێک ئەگیرێ ئەو یاسایە دەیگرێتەوە، بەڵام ئەو دەڵێ من ئەندامی حزبێکم بە کارێک هاتوومە ئایا چۆن ئەوە چارەسەر دەکەن؟، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەراستی هەموو لایەنەکان بە تایبەتی لایەنە گەورەکان بەڵێنیان داوە لە سەر ڕەزامەندی حزبەکان و، بەرژەوەندی میللەتەکەمان ئەم یاسایە دابنرێ بۆ پاراستنی ئەم ئەزموونە مێژووییەی کە هەمانە، لەبەر ئەوە ئەم یاسایە هەموو کەسێک دەگرێتەوە لە هەرچی حزبێک بێت، یاخود لە هەرچی ڕێکخراوێک بێت. مەسەلەی ئیعدامیش کە لە دەوڵەتە زۆر پێشکەوتووەکاندا تەنها هەندێکیان هەیە کە حوکمی ئیعدامی تیا نییە، لە ئەمەریکا حوکمی ئیعدام هەیە، بەڵام لە ئینگلتەرادا نییە. ئێستا مادە دوو دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەیە کە مادە(٢) وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ بە تێکڕای دەنگ مادە (٢) پەسند کرا.

**بەڕێز د. کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی یاسا. ئایا لە جیاتی وشەی ئیعدام دەکرێ بڵێین (اقصی العقوبات القانونیة)؟ واتە قورسترین سزا بدرێت بەپێی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم مادەیە دەنگی لەسەر درا. هەر سزایەک ڕادەی (أقصای) هەیە، بۆ نموونە توندترین سزای (جنح) پێنج ساڵە، لەبەر ئەوە مەرج نییە قورسترین سزا هەر ئیعدام بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من باسی ئەو مادەیە بەتەنیا ناکەم، باسی هۆیەکانی گواستنەوەی تەقەمەنی نەکراوە، ئێستا بە زۆری ڕژێمەکان ئۆتۆمبیل و، شتی وا بەکاردێنن بۆ تەقاندن، لەزۆر شوێندا تەقەمەنی لە ناو ئۆتۆمبیل گیراوە، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی(٣) تکایە بخوێنینەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە (٣) لە مادەکە وای لێ دێت ( ینفذ هذا القانون بعد مرور ١٥یوما من تأریخ نشره في الجریده الرسمیة)، سوپاس.

**بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگە (٣) کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەدژە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا.

ئێستاش یاساکە بە گشتی دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە کە یاساکە بە گشتی پەسەند بکرێ، تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لە دژە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ یاساکە بە گشتی پەسند کرا.
ئێستا دێینەوە سەر خاڵێکی تری بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان کە تەواو کردنی گفتوگۆیە لەسەر یاسای وەزارەتی ئەوقاف، کە لە دانیشتنی پێشودا گەیشتبووینە مادەی(٤).

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة/

١- يمارس وكيل الوزارة المهام والصلاحيات التي ضمن الاهداف العامة للوزارة واختصاصات الدوائر الملحقة بها ويساعد الوزير في توجيهها والاشراف على شؤونها. ضمن القوانين والانظمة المرعية.

٢- لوكيل الوزارة تخويل جزء من صلاحياته لمدير الديوان العام والمدراء في محافظات الاقليم ويكونون مسئولين تجاهه ضمن ما يخوله اليهم من صلاحيات عن اعمال الوحدات والتنظيمات التي يرأسونها.

ئەوەی لە وەزارەتی ئەوقاف هاتووە وەک خەتێکی کتابیی دینی نووسراوە، ئەگەر مادەی(١١) تەماشا بکەن ئەمە کە دەسەڵاتی وەکیل وەزیر دەبێ لە دوای وەزیر بێت زنجیرەیەکی مەنتقیمان بۆ داوەتێ، گونجاو نییە وەکیل وەزیر لە جێگەیەک بێ و، دەسەڵاتەکانی لە جێگایەکی دیکە بێت، بۆیە گواستومانەتەوە بۆ شوێنی خۆی، جیاوازییەکە تەنیا لەوە دایە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەخوێنێتەوە:- المادة(٤)

١- يمارس وكيل الوزارة المهام والصلاحيات التي يخولها الوزير إياها ضمن الاهداف العامة للوزارة، وإختصاصات الدوائر المرتبطة بها ويساعد الوزير في توجيهها والاشراف على شؤونها الفنية والادارية والمالية والتنظيمية، ووفقا للتوجهات الصادرة اليه من الوزير طبقا لاحكام القوانين والانظمة المرعية.

٢- لوكيل الوزارة تخويل جزء من صلاحياته لمدير الديوان العام والمدراء في محافظات الاقليم ويكونون مسؤولون تجاهه ضمن ما يخول اليه من صلاحيات عن اعمال الوحدات والتنظيمات التي يرأسونها.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ڕاستی بێ من تێبینیم لە سەر مادەکە نییە، بەڵام من مادەی(٤) ئێستا لە ناویدا هاتوو لەژێر

# یاسای سزادانی هەڵگرتن و دروست کردن و بەکارهێنانی تەقەمەنی(متفجرات ومفرقعات)

١- هەرکەسێ بەبێ مۆڵەت پێدانی لەلایەن دەسەڵاتێکی میری ی دەسەڵات پێدراوەوە تەقەمەنی(متفجرات ومفرقعات) دروست بکا یا لەدەرەوە بیهێنێ (استیراد) یا لەلای بێ، بەزیندانی کردن کەلە پانزدە ساڵ زیاتر نەبێ سزا دەدرێ. ئەو شتانەش بە حوکمی تەقەمەنی دادەنرێن کە بۆ پێکهێنانیان بەکار دەهێنرێن. هەروەها ئەو جیهازو ئامێرو ئەدەواتانەش کە بۆ دروست کردن وتەقاندنیان بەکاردەهێنرێن.

٢- هەرکەسێ تەقەمەنی(متفجرات ومفرقعات)ی بەئامانجی تێکدان یارێکەوتن لەگەڵ دوژمنانی گەلی کوردستاندا بەکارهێنا، یادەستی دایە بەکارهێنانی (شروع) بەشێوەیەک کە ژیانی خەڵکی بخاتە مەترسییەوە، یا زەرەرێکی گەورە بەکەسان بگەیەنێ یا ببێتە هۆی مردنیان، بەئیعدام کردن سزا دەدرێ.

٣- دەبێ وەزیرە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

٤- ئەم یاسایە دوای پانزدە رۆژ لە بلاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێ.

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**

**و/سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**